چیرۆک



نەجیبە ئەحمەد

# تکایە گڵێنەکە مەشکێنە



له نێوان نیگاکانی من و پەنجەرەکانی ماڵەکانی ئەوبەرمانەوە کۆڵانە تەسکەکە و پەردە ئاوریشمینە سپییە پڕ لە میوە رەنگاوڕەنگەکەی موبەق کە هەمیشە دادراوەتەوە هەیە و بەهەردووکیان پەنجەرەکانی ماڵەکانی ئەوبەرم لێ نزیک دەکەنەوە و رۆژانە چەندان جار ئاوێتەی ناو خەڵکەکەی ئەوبەرم دەکەن.

زۆربەی رۆژ لەم موبەقەوە و لەسەر ئەم کورسییە و لە توێی تەنکایی پەردە دادراوەکەوە ماڵەکەنی ئەوبەر دەدۆزم، بەڵام هیچ کاتێک ئەوەندەی ئەم دەمەوئێوارەیە ماخۆلانم نەبووە و حەز هەڵینەپێچاوم کە ئاوا بنەوەشییانە کونجکۆڵ بم و سەر بکەم بەودیو پەنجەرەکاندا.

پێم وایە ئەگەر ئەم هەڵپێچانە لە رۆژانێکی تر و لە بارودۆخێکی ئارامتردا بوایە رەنگە بموتبایە: چەناگەم لەناو لەپمدا پاڵی داوەتەوە و نیگاکانم هێمنانە درِ بەو تاریکییە کاڵەی خۆرئاوا دەدەن کە خەریکە پاشماوەی رۆشناییەکانی رۆژ لەبن دیوار و ژێر پەنجەرەکاندا کۆ دەکاتەوە و راپێچی ژێر باڵی ئەستێرەکانیان دەکات، بەڵام وام نەوت، چونکە بێقەرارتر بووم لەوەی چەناگە لەناو لەپمدا پاڵ بداتەوە و نیگاکانم هێمنانە هەنگاو هەڵەێنن. بێ ئارامانە پەردە تەنکەکە لادەبەم، تەنگەبەریی کۆڵانەکەش پردێکی خێرا و تیژڕەوە و زووتر دەمگەیەنێتە ئەوبەر، بەڵام بەرلەوەی بگەمێ پەنجەرەیەک دەکرێتەوە.ئەو بەسەر و قژی ئاڵۆزاو و دەموچاوێکی هەڵکفاوەوە تێکەڵ بە ریشاڵی نارنجی زەردەپەڕ دەبێ. ژێر چاوەکانی ماسیوون و دەمارێکی باریکی شین ژێر چاوی لە روومەتەکانی جیا دەکاتەوە.

هەردوو دەستی لە ناو چوارچێوەی پەنجەرەکەدا دادەنێ، چەپکێ دەمار و دەیان پەڵەی قاوەیی شەکەتیی تەمەنیان لەسەر دەست وپلیدا هەڵتۆقاندووە، ئەمەش نیگەرانیی و دوودڵییان لای من پتر دەکرد، نیگەرانی ئەوە نا کە پیرییەکی پێشوەخت تەمەنی دەپێچێتەوە بەڵکو نیگەرانی داڕوخانی ناوەوەی بووم. من پێیەکانم سست بووبوون، ئەو هەروا لە ناو پەنجەرەکەدا رێک وەستابوو. بەکوڵ دەگریا، من هەروا نیگەران و سست و ئەو بەکوڵ دەگریا. هەر لەناو چوارچێوەی پەنجەرەکەدا و لە نێوان هەردوو دەستیدا گوڵدانێکی گڵینی دانابوو. من وام هەست کرد لاسکێکی باریکی زەردهەڵگەڕاوی تێدا بێ.واشم هەست کرد یان وا پێدەچوو کە فرمێسکەکانی بڕژێتە ناو گوڵدانەکەوە..من دەمویست چاوی لەسەر هەڵنەگرم بەڵام جیرەی کردنەوەی پەنجەرەیەکی تر لەملایەوە سەرنجمی لەسەر ئەو گواستەوە، کچۆڵەیەک بە چەپکێ قژی خورمایی خاوەوە سەر لە پەنجەرەکە دەردێنێ و لەملاو لەولا دەڕوانێ.ئەم هەروا دەگری. کچۆڵەکەش وەکو من نیگەران

و سستە و بە چاوێکی پڕ لە بریسکەی سادەییەوە سەیرێکی دەکات وەکو ئەوەی هۆکاری گریانەکەی لە من بپرسێ،بەڵام زۆر زوو هەردوو تاکی پەنجەرەکە بە کراوەیی بەجێدێڵێ و دەڕوا . من دێمە بەردەم ئەم پەنجەرە کراوەیە و تۆزێک پێ هەڵدەبڕم و دەڕوانمە ئەو دیو.ئەو دیو چ دنیایەکی سادە و بێئارایش و خۆشە.ماڵێکی قەدیمییە،هەیوان و بەرهەیوان و چەند ژوورێک کە بە هەموویان دەکەونە سەر حەوشەیەکی بچووک،دیوارەکانی لە هەندێ لاوە پینەکراوە بەڵام تا بڵێی پاک و تەمیزە و لە پاکییدا بریسکەی دێت،بۆنێکی خۆش هەموو لایەکی گرتۆتەوە،کە رەنگە ئەو پەڵە رەیحانەیە بێت کە لە سووچێەکی حەوشەکەدا کراوە. لەو سەری حەوشەکە بەرمیلێک لەسەر بلۆکێک دانراوە و دەبەیەک و رەحەتییەکی لە لاوەیە، دیارە کە نەوتی تێدایە. لەملاتریشەوە حەوزێکی بچووک و بەلوعەیەکە، کچە جحێلێک لەبەر بەلوعەکەدا خەریکی جل شتنە. کچۆڵەکەی پەنجەرەکەی کردەوە لە ژوورێک هاتە دەرەوە، گوڵدانێکی لە حەوشەکەوە بەرەو هەیوانەکە گواستەوە،چۆڕێکی ئاو تێکرد و بۆنێکی قووڵی گوڵەکەشی کرد. هەر لە هەیوانەکەدا و لەسەر راخەرێکی لاکێشەیی ژنێکی کامڵ و بەتەمەن، سەر و سەرپۆش سپی و جوان دانیشتووە خەریکی جل قەدکردنە. پیرە پیاوێکی بە شان و شەوکەتیش لەو لاترەوە، لەسەر کورسییەکی دارینی کۆن پاڵی داوەتەوە سەیری دەرودیواری حەوشەکە دەکات کە لە هەندێ جێدا چیمەنتۆکەی درزی تێکەوتووە و جێ جێیش بەریداوە.لە پڕێکدا دەست بە گیرفانیدا دەکات و دەسرێکی بۆری چوارقەدکراو دەردێنێ و لەوێوە بۆ کچی لای حەوزەکەی هەڵدەدا تا بۆی بشوا ،دەسرەکە نەگەیشتە لای کچەکە بۆیە تۆزێک گرژ بوو بەڵام ناچار هەستا و هەڵیگرت.منیش وەکو ئەو گرژ دەبم بەڵام نازانم بۆ،ئینجا بە لای چەپدا مل لار دەکەمەوە،ژوورێکی پاکو خاوێن و کەم کەرەسە دەبینم،هەموو شتەکان و درودیواری ژوورەکە بۆنی سادەیی و پاکێتی و بێفێڵی لێدێت.پیرەپیاوێک بە کەوایەکی بێقۆڵ و کراسێکی سپی تازە شۆراوەوە لەسەر کلیمێکی رەنگاوڕەنگ دانیشتووە،کچۆڵەیەکی پێنج شەش ساڵانی لە سەر باوەشی داناوە گەمەی لەگەڵدا دەکات.مناڵەکە دەست دەبا بۆ زنجیری سەعاتە بەرباخەڵییەکەی باپیرە و هەیتا هەیتا دەڵێ:دەی باپیرە دەی بمدەیێ!دەی ئەو شتە جوانە چییە کە بۆت کڕیوم؟ دە

بمدەیێ، دەی توخوا.

پیرەپیاوەکە بە نەرمە پێکەنینێکەوە دەست دەکات بە گیرفانیدا و شووشەیەک بۆیەی نینۆک دەردەهێنێ پیشانی کچۆڵەکەی دەدات.کچۆڵەکەش لە خۆشیدا دەم دەکاتەوە،باپیرە توند دەیگوشێ و هەندێ قدیلانەی دەدات.هەردووکیان قاقا پێدەکەنن.ئینجا باپیرە دەڵێ:ئەمجارەیان خۆم نینۆکت بۆ بۆیە دەکەم، بزانە چەند جوانی بکەم، کچۆڵەکە بێدەنگ لە باوەشی دێتە خوارێ و رووبەڕووی دادەنیشێ، دەستی بۆ درێژ دەکات و دەڵێ:باشە،خۆت بۆم بۆیە بکە.

دڵنیام ئێستاش لەززەتی جوانیی ئەو بۆیەی نینۆکە ئێستاش لە رۆحی کچۆڵەکەدا ماوە و دەژی،منیش بە ئەندازەی ئەوان پەلکێشی ناو ئەو جوانیی و لەززەتە دەبم،ئیتر تا قەدەرێکی باش پەنجەرەکانی ئەو لاتر لە بیر دەکەم و قاچەهەڵبڕاوەکەم دادەنێمەوە.دەستێک بە پەردەکەدا دەهێنم و سەیری نینۆکەکانی خۆم دەکەم و چەند جارێکیش پەنجەیان پێدا دەهێنم.

نرکەیەک دەگاتە گوێم،بەرەنیسکی ئەوە لە پەنجەرەکەوە دەمگاتێ.دووبارە سەر هەڵدەبڕم،گڵێنەکەی خستووەتە قەراغ پەنجەرەکە و خەریکە هەڵیداتە ئەمدیوەوە.دەمەوێ دەستەکەنم بخەمە بەر گڵێنەکە و لەبەری بپاڕێمەوە و بڵێم:تکایە ئەو گڵێنەیە بەرمەدەرەوە،کچۆڵە قژخورمایییەکە دیسانەوە دێتەوە بەر پەنجەرەکە و سەیرێکی من و سەیرێکی ئەو دەکات و گوڵدانێکی تر لەو دیو پەنجەرەکەوە دادەنێ و ئاوی دەدات.من دیسان پێ هەڵدەبڕمەوە. کچەکەی بەر بەلووعەکە لە جل شتن ببووەوە و لە ژوورێکدا راکشابوو.جلەکان قەد کرابوون و لەسەر کورسییە دارینەکە دانرابوون.راخەرەکەش لوول کرابوو بە دیوارەکەوە هەڵپەسێردرابوو.

لەوسەرەوە و لای راستی حەوشەکەوە سێ چوار منداڵ قریوە قریویانە و خەریکی چاوشارکێن، خەریکم بچم لەگەڵیاندا چاوبشارمەوە کە زرمەی داکەوتنی گڵێنەکە و داخستنی پەنجەرەکە دام دەچڵەکێنێ و هەناسەم لە سینەدا کپ دەکات و تەنیا وشەیەکم بۆ دێت وای...